کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org


15-11-2007 20:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئایە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بیر لە بڕیارێکی توندو تیژتر بکاتەوە دژ بە بازرگانی کردن و بەکار هێنانی مادده سڕ کەرەکان ئەرکیکی پیرۆزترنیە لە قەدەغە کردنی جگەرە کێشان؟؟؟ ... باوکی شازاد**

من خۆم جگەرەکێش نیم وە جگەرە کێشان بە زیانێکی گەورە دەزانم سەروەت و سامانی گەلان بە فیڕۆ دەدات، ئەو پارەی بە ئارەقی نێوچەوان پەیدا دەکرێت دەسوتێنرێت و بە هەوا دادەدرێت لەوانەیە پارەی خواردنی منداڵەکانیش لەلایەن هەندێ باوک بۆ کڕینی جگەرە بەکار بێت یەکێک لەئاکامەکانیشی ئەگەری توش بون بە نەخۆشی کوشندە لە هەمویان مەترسیدار تر نەخۆشی شێرپەنجەی سیەکان و قوڕگە، زۆر لە خۆشەویستەکانمان ئێستا بەو دەردەوە دەناڵێنن هیوادارم خوای گەورە شیفایان بۆ بنێرێت، وە خوازیارم حکومەتی کوردستانیش بتوانت ئەو دیاردە خراپە سنوردار بکات بەتایبەتی لەڕیزی مێرمنداڵ و هەرزەکارەکان. خۆ زۆر کەسیش هەیە هەرچەندە دەزانێت جگەرە کێشان زۆر خوێکی خراپە کەچی ناتوانێت تەرکی بکات و بە شتیکی خەمڕەوێنی دادەنت و بە بەشێک لە ژیانی خۆی دایدەنێت لەوانەیە ئەگەر لە برسا بمرێت داوای خواردن نەکات بەڵام کە جگەرەی پێ نەما داوا دەکات لە خەڵکانی تر، وە ڕۆژانە لە جیهاندا بایی ملیاران دۆلار جگەرە دەکێشریت گەر سەرژمێری بکرێت لەوانەیە زۆر لەو پارەو پولەی کە تەرخانکراوە بۆ شەڕ کردن لەجیهان زیاتر لە کڕینی جگەرەو چارەسەری دکتۆرو کڕینی دەرمان سەرف بکرێت، واتە هەمومان کۆکین لەسەر ئەوەی جگەرەکێشان یەکێکە لە و کارە خراپانەی کە لەناو کۆمەڵگا سەری هەڵداوە پێویستە بەپێی توانا هەوڵی نەهێشتنی بدرێت، لە دەوڵەتە پێشکەوتوەکانیش زۆر هەنگاوی گرنگ هاویشتراوە بۆ بنبڕ کردنی ئەو دیاردە سامناکە، ئێستا لە زۆربەی شوێنە گشتیەکان کێشانی جگەرە قەدەغە کراوە جاران شوێنی دیاری کراو هەبوو بۆ کێشانی جگەرە ئیستا ئەو شوینانەش نەماوە، فەرمانبەرەکان و بە تایبەتی مامۆستایان و ئەوانەی لە باخچەی ساوایان کار دەکەن دەبێ بۆ جگەرەکێشان بچنە دەرەوەی شوێنەکانی کارکردن جگەرە بکێشن هەرچەندە سەرماو سۆڵی زستانی ئەوروپاش زۆر توندە بەڵام ئەوە بڕیارێکە دراوەو دەبێ جێبەجێ بکرێت هەموو لایەک پابەندی بڕیارەکەن، لە بۆتیکەکان و کوشکەکانیش هەرکەسێ شکی ئەوەی لێ بکرێت تەمەنی لە 18 ساڵ کەمترە دەبی داوای ناسنامەی لێ بکرێت ئێستا لە شوێنەکانی مەشروب خواردنەوەو دیسکۆکانیش قەدەغە کراوە هەرکەسێک دژ بەو یاسایە بێت توشی سزای پارەدان دەبێت.

بەڵام شتێکی گرنگتر لە جگەرە کێشان هەیە لەنێو گەنجەکانی ئەوروپا پەرەی سەندوە ئەویش بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکانە بەڕاستی لەبەر ترسناکی ئەو دیاردەیە ئێستا لە شەقام و شوینە گشتیەکان و خوێندنگاکانی ئەوروپا بە هەموو لایەک خەریکی ئەوەن چۆن بتوانن زاڵ بن بەسەر ئەو دیاردە ترسناکە کە کاری کردۆتە سەر ئاسایشی نیشتیمانیان، بەداخەوە هێندە تەشەنەی کردوە نەهێشتنی وەیان کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بوە بە کارێکی زۆر زەحمەت، جێگای داخە زۆربەی ئەوکەسانەی بازرگانی پێوە دەکەن خەڵکانی بێگانەن کە لەو وڵاتانە دەژین وە کوردەکانی ئەوروپاش ئیستا دەورێکی زۆریان هەیە لەو جۆرە بازرگانیە هەربۆیە بەندیخانەکان بە شێوەیەکی دیار خەڵکی کوردی تیا دەبینرێت، کەچی پێش 10 ساڵ لەمەو بەر خەڵکی تر هەبون بەو کارە دزێوانە هەڵدەستان لە تورک و ئێرانی وعارەب و ئەلبانیەکان پێک هاتبون، جاران بەکارهێنانی ئەو شتانە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری بەتایبەتی لە کوردستانی باشور شتێکی زۆر نامۆ بوو کەس نەبوو ئەو موادانە بناسێت نەوەک بەکاریان بێنێت بەڵام ئێستا ماشەڵڵا گەنجەکان هەمویان بونە بە خەبیر لە بەکار هێنان و ناسینییان، بەڕاستی هەرچەندە ئێمە هەردەم ئاوارەی ئێرانیش بوین بەڵام کەس نزیکی ئەو شتانە نەدەکەوتەوە هەرچەندە بە تایبەتی زەمانی ڕژێمی شای گۆڕبەگۆڕ بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەکوو چەکێک دژ بە خەڵک بەکار دەهێنرا وەکوو کاری لەشفرۆشی ژنان وابوو بە شێوەی فەڕمی لە دەرمانخانەکان خەڵک دەچو بەشی خۆی وەردەگرت وەکوو ئەرزاق وەرگرتنی بایەعیەکەی لای خۆمان بوو، دەبێ پیاو قسەیەکی خێریش بۆ دز بکات ئەگەر لەسەر هەق بوو ئەویش ئەوەیە یاساکانی ڕژێمەکانی ئێراقی زۆر توند بون بەرامبەر ئەو دیاردەیە هیج نەرمی نواندن نەبوو، هەرکەسێک بازرگانی پێوە بکردایەو هەتا بەکاریشی بهێنابایە سزای قوڕس دەدراو کەسیش بۆی نەبوو دیفاعیان لێ بکات واتە وەکوو کاری بەرهەڵستکاری سیاسی حیسابیان بۆ دەکرد کە ڕژێم دژی خەڵکانی شۆرشگێر و نیشتمانپەروەر سزای قوڕسی دەبڕیەوەو کەسیش نەبوو بتوانێت داکۆکیان لێ بکات، هەرچەندە لەوانەیە بەرپرسە گەورەکانی ئێراقی خۆیان بەو دواییە بەکاریان دەهێنا هێندە وەزعی دەرونیان شپرزە ببوو بەتایبەتی سەددام و بنەماڵەکەی، بە شیوەیەکی ئاوا کۆنترۆلی خۆیان لەدەست دابوو، بە داخەوە پاش ڕاپەڕین لە کوردستانی باشوریش دەست کرا بە هێنانی مادده سڕ کەرەکان لە دیوی ئیران وە بەکارهێنانیشی ئێستا بە فراوانی هەستی پێدەکرێت هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چەند ڕوداوێک یەکیک لەوانە خەڵکێکی زۆری ئاوەرەمان هەبوو لە ئێران هەندێکیان هەر لەوێ لەدایک بوبون کە ئەوانە گەڕانەوە بۆ زیدی باوک و باپیران تێکەڵ بە خەڵکی کوردستان بونەوەهەندێکیان بەداخەوە فێری بەکارهێنانی ببون پێیان تەرک نەکراو لەسەری بەردەوام بون هەروەها بەهۆی ئەو هاتوچۆ گەرمەی لە نێوان کوردستانی باشور و ئێران دروست بوو کە ڕۆژانە خەڵک دەهات و دەڕۆیشت وە خەڵکەکە خەریکی بازرگانی کردن بوو بەشیوەیەکی زۆر فرەوان لەنێو ئەو بازرگانیە سروشتیە دا توانرا ئەو ماددانەش دزە پێ بکەن بۆ ناو هەرێمی کوردستان، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش ڕۆژانە سەردانی باشور دەکەن بۆ هەمان مەبەستی بازرگانی کردن لە نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان و بوونی چەند حیزبێکی کوردی ئێرانی لە نێو خاکی کوردستانی باشور ئەوانە هەموی بون بە فاکتەری سەرەکی بۆ بڵاو بونەوەی ئەو دیاردە خراپە لە کوردستانی خۆمان، وە گەڕانەوەی هەندی کەس لە ئەوڕوپاوە بۆ کوردستان ئەوانیش دەوری خۆیان هەیە هەروەک گوێمان لێ دەبێت چەندین خەڵکی کوردانی ئەوڕوپا ئێستا گیراون بەو هۆیەوە و هەندێ کەسی تریشمان بینی پاش ئەوەی دەستگیر کران لەبەر ئەوەی خاوەنی ناوو دەنگ بون وەکوو هونەرمەندو گۆرانی بێژەکان پاش ماوەیەکی کورت ئازاد کران دیارە لێرەش خەڵکانی بێکەس و بێ پشتیوان دەستگیر دەکرێن و ئەوانی تریش ئازاد دەکرێن هەروەک دیاردەی دزی کردنی لێ هاتوە ئێستا ئەوانەی لەسەر دزیەکی بچوک وەک مۆبایلێک یان پاسکیلێک وەیان مریشکێک لە بەندیخانەن دەناڵێنن و کەس بە هانایان نایەت پارەیان نیە پارێزەرێکیش بگرن داکۆکیان لی بکات کەچی دزە گەورەکانی کە سەروەت و سامانی کوردستانیان بە تالان برد بۆخۆیان وا لە کوردستان دەسوڕێنەوە وەکوو پاشا کەس نیە بڵێت ماڵتان لە کوێیە لە کاتێکدا پێویستە ئەوانە گەورەترین سزا بدرێن کەچی زۆربەیان خاوەن پلەو پایەی بەرزن لە ناو حیزبەکان و داموو دەزگاکانی دەوڵەت، ئەوەی بەوان دەکرێت بە هەموو کەسێک ناکریت لەبەر ئەوەی ئەگەر خۆشیان کاربەدەست نەبن ئاغاکانیان ئەوانەی کە دزەکان پەروەردە دەکەن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئەوان زۆربەیان کاربەدەستی پایە بەرزن بۆیە کەس ناتوانێت خۆیان لێ بدات زۆربەیان ئێستا بازرگانی دەکەن هەر ئەوانیشن کار ئاسانی دەکەن بۆ دزەکردنی ئەو جۆرە ماددانە بۆ کوردستان لەبەر ئەوەی لە خاڵەکانی پشکنین کار ئاسانیان بۆ دەکرێت بە هۆی بەخشینەوەی پارەو پوڵ لەسەر خەڵک، بەداخەوە ئێستا بەکارهێنانی زۆر ئەو ماددانە بە شێوەیەکی بڵاو تەشەنەی کردوە ئەگەر پەڕلەمان و حکومەت کارێکی وا نەکەن و سزای توند جێبەجێ نەکرێت بەسەر ئەو خەڵکانەی بازرگانی بەو جۆرە شتانە دەکەن ئەوە زۆر لە وڵاتە ئەوڕوپیەکانمان خراپتر بەسەر دێت، بەڕاستی ئێستا دەبینین خەڵک دەگیرێت یان لەبەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خاتری خاترداران بەرەڵا دەکرێت وەیان بۆ ماوەیەکی کورت حوکم دەدرێت دوایی کە بەربوو بە هەمان شێوە دەست پێدەکاتەوە، ئەگەر بێتوو چەند بازرگانێکی مادده بێهوشکەرەکان لە سێدارە بدرێن بزانە چۆن ئەو دیاردە ناشیرین و خراپە ئەگەر بن بڕیش نەکرێت زۆر کەم دەبێتەوە، بەڵام هەتا خاوەنی ئەو نەرمی نواندنە بین حاڵمان لەوە باشتر نابێت، من نازانم بۆ هەندێک یاسای کۆنی ئێراقی هەتا ئێستا کاری پی دەکرێت هەرچەندە دژی دیموکراتیزەبونی کۆمەڵەو دژی بنەماکانی مافی مرۆڤە کەچی یاسایەک کە زۆر گرنگە بۆ لەدەست نەدانی کەرامەتی گەلەکەمان نازانم چۆن بەو شێوەیە موساوەمەی لەسەر دەکرێت و کاری پی ناکرێت و پشت گوێ دەخرێت، هەتا ئێستا نەمانبینی وەیان گوێبیست نەبوینە کە کەسێک لەسەر بازرگانی کردن بەو ماددەیە سزای مردنی بەسەردا سەپێنرابێت ئەگەر کرابێتیش بە شێوەیەکی ئاشکرا نەبووە دەبێ شتی وا بڵاو بکرێتەوە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆو لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بۆ ئەوەی ببێت بە عیبرەت بۆ کەسانی تر کە بیر دەکەنەوە کاری وا بکەن، بەڕاستی ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بیر لە بڕیارێکی توند نەکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەت کاری پێ بکات پاش ماوەیەکی تر کە زیاتر ئازادی و دیموکراتی پەرەی سەند پەسەند کردنی ماددەیەکی یاسایی لەو جۆرە بڕیارانە وا ئاسان نابێت، بەسەدان بەربەست دروست دەبێت لەپێش جێبەجی کردنیان، بۆیە پێویستە وەکوو ئەرکێکی نیشتمان و ئەخلاقی و ئاینی، کەس درێغی نەکات لە دانان و جی بەجی کردنی سزای گەورە بەسەر تاوەنباران، دوایی پەشیمانی دادی کەسمان نادات وەکوو خەڵکی ئەوروپامان لێ بەسەر دێت، ڕۆژبەڕۆژ لەڕێگای ئەو تەکنەلۆجیا پێشکەوتوانەو ئینتەرنێت و مۆبایل و کەناڵە ئاسمانیانە خەڵک فێری شتی خراپیش دەبێت هەرچەندە شتی باشیشی تیا هەیە، هەموومان دەزانین چەقۆ بۆ ئامادەکردنی خواردەمەنیش بەکار دێت وبۆ شەڕو کوشتنیش بەکار دێت گرنگ ئەوەیە ئەوکەسەی کە لەدەستیەتی چۆن بیر لە بەکارهێنانی دەکاتەوە، هیوادارم بەزوترین کات بەرپرسانی کوردستان و ئەوانەی بیریان لەو یاسایە کردەوە کە دژ بە کێشانی جگەرەیە، ئاواش پێشنیار بکەن پەرلەمان بیر لەو دیاردەیەش بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانمان لە جیلی داهاتوو تووشی ئەو پەتایە نەبن کە قەدەغە کردنی زۆر کارێکی قورس دەبێت بۆ هەموو لایەک جیلی دوا ڕۆژ توشی ئیفلیجی کۆمەڵایەتی دەبێت و کاردەکاتە سەر پێشکەوتنی ڕەوتی کۆمەڵگای کوردەواری لە هەموو بوارێکەوە کورد ووتونی (شەڕ لە شۆ نەوەک لە تۆ) کە کار لەکار ترازا وەکو مەسەلەکانی تری لێ دێت منیش ئەوە وەکوو ئەرکیکی خۆم بەبیرم هێنانەوە بۆ ئەوەی کەس گلەییمان لێ نەکات و بڵێت بۆ کەس باسی ئەو مەسەلە گرنگەی نەکرد...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.